کۆمیسیۆن: دەنگدانی تایبەت بە شوێنێکی ڕەکوپێک و بە نهێنی و بێبێ هیچ فشارێک بەڕێوەدەچێت

ئەمڕۆ یەکشەممە"عومەر ئەحمەد" سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان،جەختی لەوە کردەوە دەنگدانی تایبەت بە شوێنێکی ڕەکوپێک و بە نهێنی و بێبێ هیچ فشارێک بەڕێوەدەچێت.

ئەحمەد بە ئاژانسی هەواڵی فەرمی ڕاگەیاند: کۆمیسیۆن سەرجەم ئامادەکارییەکانی بە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە نیشتمانییە تەواو کردووە.

وتیشی: بنکەکانی دەنگدان کراونەتەوە بە زیاتر لە 4500 وەستگە کە بە ئامێری لەجستی و کەرەستەی پێویست و کارمەند دابین کراون.

ڕوونیکردەوە : پرۆسەی هەڵبژاردن بە شفافیەتێکی زۆر بەڕێوەدەچێت.